# هەر پایزانە



hoshang72@yahoo.com

ئای لە تۆ کە پاییزانە دەبارییە سەر نیگا و شعر و دەفتەرە کۆنەکانی عومرم
ئای لە من کە بەهارییانە ئەرژێمە ناو ژیان و چەمەکان پڕ ئەکەم لە بۆنی کتێب
ئای لە ئێمە و لە مێژووی یاخیبوونی کۆترە شینکەکانی دنیا لە ژیان
لە یاخیبوونی گیاندان بە دنیا و ، ژیانکردن لە ئاسۆی کتێبەکاندا
وەک هەناسە لەناومدا چوزەرە دەرکەیت، بۆ من و دنیا
من چەند روحم ئەویَ بۆ خۆشەویستیت ؟ من چەند دنیام ئەوێت بۆ خوێن رشتن؟
من چەند جەنگ بەرپا کەم تا بەتۆ بگەم ئەی بەختەوەریم؟!
من و تۆ وەک هەوا بەدەوری گوڵە هیرۆیەکدا خول ئەخۆینەوە و
لەگەمەیەکی منداڵیدا ئەکەوین بەدەمدا و بۆنی خاک و خوێن ئەپژێتە لووتمانەوە
بەرووناکی روحێکی شاد ئەگەڕێینەوە ناو پێچەکانی تەلەفۆنێکی دوور و تۆز و غوباری یادگارەکان لە جلمان ئەتەکێنین
وەرەوە بۆ دواجار لەناوتدا عەشقێک بکەم لە پاکیزەیی پەریەکان نەرمتر
بگەچڵێمە سەر پەرچەمەکانت و وشە و حەرفم لە دەنگتدا فەنا کەم
تۆ ئەی قامەتی جوانی و بۆنی هەواپژانی جاویدانی لە دڵمدا
برژێ بەسەر دنیا و روحی ئەم تراژیدیا بێ هەنجەتەدا
لەم دینەدا کانیاوی حەز ناتەقێت و ئەبێت لەئایەتی دیکەدا خۆ ئینتحار کەم
لەم تیرۆرەی گیانەدا، بەپەلە بەدووی عومری سۆفییەکدا دەف هەڵگرانە بەدووی خودایەکی وەک تۆ رابکەم و
لەهەورازی شەرکدا عەشق بەرپاکەم.
عەشقێک گیانم ببا و ژیان بدا لە دنیام.

هۆشەنگ شێخ محمد